# ئەنفال

**قوبادی جەلی زادە**

(( يسالونك عن الانفال قل الانفال لله و الرسول ))

منداڵێك لە ژێر لی ( عەرعەرە ) وە ،
بە حاجیەکانی گوت :
من مەمکی دایکم بە دەمی ( سەگ ) ێکی رەشەوە بینی !
من مێخەکبەندی داپیرەم بە دەنووکی ( قەل )ێکەوە بینی !
من مەتارەی بابە گەورەم لە ملی درێژیی ( حوشتر ) ێکا بینی !

دایکێك لە ژێر لەوە گوتی :
لێم بە .. جێ ... ما
لێم بە ... جێ ما .. لێ !!
پرێسکە نەبوو جێ بمێنێ ..
من کۆرپە کەمم لە ناو ماشێنێکی روو زەردا
لێ بەجێما !!

پیرەژنێك ،
کە تەسبیحێکی هەزارو سەدوو هەشتاو دوو قلەی بەدەستەوە بو ،
بە حاجییەکانی گوت :
توخوا حاجییەکان بزانن ،
لە نێوانی ( صەفا )و ( مەروە ) ادا
ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە نادۆزنەوە ،
کە چوار کوڕی گەنج و
چوار کچە عازەب و
چەند منداڵێکی وردیلەی تیا نێژراوە !!

عاشقێك ، لە ژێر لەوە بە حاجییە ساویلکەکانی گوت :

من هەنووكە ، لەیلێ و مەجنوون م دی ،

لەسەر تەرمی لەت و پەتی (خەج و سیامەند) دا ،

شینیان دەگێڕا !

بێوەژنێك ، كە بەسەر بەرماڵێكی خوێناوییەوە بوو ،

پێی گوتن :

توخوا بەر لەوەی ، گەردنی بەردەرەش ماچ بكەن ،

هەر لەو ژووورەدا ،

باوەشێك قژی رنراوو

سەبەتەیەك ، چاوی رژاو خڕ بكەنەوە !

پێی گوتن :

توخوا بەر لەوەی شەیتان رەجم كەن ،

لێی بپرسن :

ئاخۆ ، كیژە پاكیزەكانمان ،

لە پەنای گابەردوو رەوەزە داخراوەكانی ( مەككە ) دا ،

هەنوكەش ، زنجیر لە گەردنن !!